کەشناسی: کەش و هەوای هەژانی داهاتوو گەرم دەبێت و خوێبارینیش دەستپێدەکاتەوە



ئەمڕۆ سەشەممە دەستەی کەشناسی پشبینییەکانی کەشوهەوای چوار هەژی داهاتووی وەاتەکەی ڕاگەیاند و پشبینی کەشوهەوای گەرم خڵبارین دەکات.

لە ڕاگەیەندراوەکەی دەستەی کەشناسی ، کە دەستی موتەبع کەوتووە ، تەیدا هاتووە "سبەی چوارشەممە، کەش و هەوا ساماڵ و گەرم دەبێت لەگەڵ دەرکەوتنی هەندێک هەور لە ناوچەکانی باکور و باشوور، با لە باکوری هەژئاوا دەبێت".

هەوونیشیکردووەتەوە "بەرزترین پلەکانی گەرما لە بەغدا و هەولێر و سلەمانی 41 پلە دەبێت، لە کەرکوک و نەینەوا و ئەنبار 43 پلە دەبێت، لە دهۆك 40 پلە دەبێت، لە دیالە و واست و دیوانیە و موسەنا 46 پلە دەبێت، لە بابل و کەربەلا و نەجەف و سلاحەدین و کەرکوک و نەینەوا و ئەنبار 45 پلەی دەبێت و میسان و ناسریە و بەسرە لە 47 پلەی سەدی دەبێت

لەو ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بۆشیکراوەکە، "کەشوهەوای هەژی پەنجشەممە بگشتی ساماڵ و گەرم

دەبێت، ئاسمان نیمچە هەور دەبێت لە ناوچەی باکور و بای سووک بۆ مامناوەندی باکووری ڕۆژئاوا (10-20 کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا) دەبێت، پلەکانی گەرما هاوشێوەی ڕۆژی پێشوو دەبێت لە سەرتاسەری وڵات".

هەروەها ئەوەیش هاتووە کە ، "هەینی داهاتوو، کەشوهەوا بەگشتی سامان و گەرم دەبێت، لەگەڵ دەرکەوتنی هەندێک هەور، ئەمەش وایکردووە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکووردا نیمچە هەور بێت. بای سووک بۆ مامناوەندی باکووری ڕۆژئاوا (10-20 کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا) دەبێت، هەروەها پلەکانی گەرما کەمێک بەرزدەبنەوە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکوور، و هاوشێوەی پلەکانی گەرمای ڕۆژی پێشوو لە ناوچەکانی باشوور دەبێت".

لەو ڕاگەیندراوەکەدا ئاماژە بۆشیکراوە ، "پێشبینییەکانی کەشوهەوای شەممەی داهاتوو بەشێوەیەکی گشتی سامان و گەرم دەبێت، لەگەڵ دەرکەوتنی هەندێک هەور لە ناوچەی باکوری وڵات ، بای مامناوەندی باکووری ڕۆژئاوا (20-30 کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا) لە ڕۆژدا بەرزدەبێتەوە بۆ 30-40 کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی خۆڵبارین لە هەندێک ناوچەی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور ، پلەکانی گەرما هاوشێوەی پلەکانی گەرمای ڕۆژی پێشوو دەبن".